# فینۆمینۆلۆجیا و کۆمەڵناسی
# توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی شیکارییە

**ئارام عەلی فەرەج [١]، أمیر خداکرم الزندی [٢]**
[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: aram.faraj@univsul.edu.iq

## ملخص البحث:

فينومينولوجيا او الظاهراتية كنظرية او كمنهج، احتلت مكانة بارزة في العلوم الانسانية بشكل عام و علم الاجتماع بشكل خاص. لاسيما بعد الازمة التي وقعت فيها هذا العلوم سواء كان على صعيد النظري او المنهجي. هذة الوضعية دفعت بالمنظرين في تلك العلوم محاولة الخروج من هذة الورطة، ولحل هذة المعضلة لجؤا الى الفلسفة، و خاصة الفلسفة الحديثة و بالتحديد الفلسفة الظاهراتية كما ورد عند ادموند هوسرل و اتباعه من مارتن هيدجر و موريس ميرلوبونتي جان بول سارتر و بول ريكور. وعلى الرغم من اختلافات كبيرة بين كل من هذه المفكرين، الا انه هناك خط مشترك بينهم في اعتمادهم على منهجية عرف باظاهراتية.

هذة الدراسة محاولة ابراز الخطوط العريضة للظاهراتية في علم الاجتماع، بدأ من ادموند هوسرل و بعدها عند الفريد شوتز حيث استفاد من المنطلقات الفكرية للاستاذه هوسرل لتجاوز ازمات المنهجية في علم الاجتماع.

من ابرز تساؤلات الدراسة: ماهو الفرق بين رؤية الظاهراتية مع وجهات نظر اخرى في علم الاجتماع و خاصة الوضعية. و ماهو وجهة نظره للفعل الاجتماعي.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/١٢/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/١/١٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.faraj@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | © ٢٠٢٠ \| د.ئارام عەلی فەرەج، د.أمیر خداکریم الزندی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

Phenomenology, as a theory or as a method, occupied a prominent place in the humanities in general and sociology in particular. Especially after the crisis in which this science occurred, whether on the theoretical or methodological level. This situation prompted the theorists in those sciences to try to get out of this dilemma, and to solve this dilemma, they resorted to philosophy, especially modern philosophy and specifically the phenomenal philosophy as mentioned by Edmund Husserl and his followers from Martin Heidegger and Maurice Merloponte Jean-Paul Sartre and Paul Ricoeur. Despite great differences between each of these thinkers, there is a common line between them in their reliance on a methodology known as phenomenology. This study is an attempt to highlight the broad lines of phenomenology in sociology. It started from Edmund Husserl and then at Alfred Schutz, where he benefited from the intellectual premises of Professor Husserl to overcome the crises of methodology in sociology.

Among the most prominent questions of the study: What is the difference between seeing the phenomenon with other points of view in sociology, especially the situation? What is his view of social action

**کلیلە وشەکان:**

**فینۆمینۆلۆجیا - جیهانی ژیان - کرداری کۆمەڵایەتی - الظاهراتیة و علم الاجتماع - دراسة تحليلية**

## پێشەکی

فینۆمینۆلۆجی چی وەك میتۆد یان وەکو دونیابینی، پانتاییەکە گەورەی لە نێو زانستەمرۆڤایەتیەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەت داگیرکردوە. گەرچی فینۆمینۆلۆجیا وەکو میتۆد یان تیۆرێکی تایبەت بە کۆمەڵناسی نەناسراوە و ڕەگو ڕیشەکانی لە نێو فەلسەفەی هاوچەرخدایە، بەڵام لە دواتردا و لەسەر دەستی بەشێك لەو کۆمەڵناسانەی کاریگەربوون بە هزری ئەدموند هۆسرەڵی دامەزرێنەری میتۆدەکە، بە شێك لە بیربۆچوونی مامۆستاکەیان گواستەوە بۆ نێو کایەی کۆمەڵناسی و میتۆدی کۆمەڵناسییان بەمەش زۆر پێشخست. گەرچی فینۆمینۆلۆجی وەك میتۆد لە کۆمەڵناسیدا جیاوازی لەگەڵ فینۆمینۆلۆجی فەلسەفیدا هەیە بەو جۆرەی هۆسرڵ چوارچێوەکانی داریکردوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەکەی هۆسرڵ بەو هەوێنی ئەم میتۆدۆلۆجییە لە کۆمەڵناسیدا.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە یان پرسیاری سەرەکی بریتیە لەوەی ئایا جیاوازی دونیابینی فینۆمینۆلۆجی لەگەڵ دونیابینی دیکەی کۆمەڵناسیدا چییە ؟ تێڕوانینی بۆ کرداری کۆمەڵایەتی و دونیای ژیان چییە ؟

گرنگیەکەشی لەوەدایە کە شێوازێکی نوێی تێڕوانینی سۆسیۆلۆجی دەهێنێتە نێو کایەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجییەوە کە تا ئەو شوینەی ئاگادار بین وەك بابەتێك بۆ توێژینەوە لەبەشی کۆمەڵناس کاری لەسەر نەکراوە. ئەویش بە ئامانجی هێنانە کایە و خستنە سەرپێی ئەم میتۆدۆلۆجییە لە توێژینەوەی کۆمەڵناسی دیاردە و دەرکەوتە جیاجیاکانای کۆمەڵگەی کوردیدا.

سەرهەڵدانی فینۆمینۆلۆجیا

فینۆمینۆلۆجی وەك هەوڵیکی جدی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی کە مەعریفەی ڕۆژئاوایی تێیکەوتبوو، سەریهەڵدا و گەشەی کرد. بە واتای ئەوەی کە فینۆمینۆلۆجی چ وەك میتۆد و چی وەك دونیابینی لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ میتۆد و دونیابینی زانستی و فەلسەفی کە هزری ڕۆژئاوایی پێیانەوە سەرقاڵ بووە.

کۆجیتۆی من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، یەکێکە لەو دەربڕینانەی بە قوڵی کاریگەری هەبوە لەسەر دروستبوونی دوو ئاستی مەعریفی جیاواز، یان بڵێین دوو ئاراستە لە ئەپستمۆلۆجیادا. لە دەستپێکی ئەو کتێبەی دەربارەی پرسی میتۆد نوسیویەتی، دیکارت باس لە گرنگی عەقڵ و توانستی ناسین دەکات و وەك دادپەروەرانەترین دابەشکاری لە نێوان مرۆڤەکاندا دەیناسێنێت(دیکارت،٤٨،٢٠٠١) عەقڵ کە توانای ناسینی ڕاستیەکانی هەیە لە دەرەوەی ئەزموون.

ئەو جیاکارییەی دیکارت لە نێوان ئەزموون یان بوون و هزردا دەیکات، بۆ چەند سەدەیەك وەك دوالیزمێك لەنێو پانتایی هزری ڕۆژئاواییدا دەمێنێتەوە. لای دیکارت، هزر شتێك نییە هیچ پەیوەستییەکی بە جیهانی مادییەوەهەبێت، پێکهاتەیەکە لە ناشوێندایە، هەرچی بوونە بۆخۆی پێکهاتەیەکە سەربەخۆ لە هزر، هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی ئایدیاوە نییە و کۆجیتۆی:

( من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم ) لای دیکارت بەڵگە هێنانەوە نییە، بەڵکو بەڵگەنەویستە(عباس،١٠٠،٢٠١١). لێرەوە، ئەم دیدگایە کەلێنێك لە نێو هزری ڕۆژئاواییدا دروست دەکات. دیدی ماتریالیزم و ئەزمونگەریی لەلایەك و دیدی ئایدیالیزم وعەقڵانی لە لایەکی دیکە، هەریەك لە ڕوانگەیەکەوە سەرقاڵی دۆزینەی سەرچاوەکانی زانین دەبن، هەریەکە  بە ئاڕاستەیەك و هەریەکە و لە دیدگایەکەوە جیاواز لەئەوی دیکە.

بەگویرەی ڕێساکەی دیکارت، ئەوەی سروشتییە تەنها بە سروشتی ڕاڤە دەکرێت، ناکرێ بەدوای هۆکارێکی ناسروشتیدا بگەڕێین بۆ هۆکارە سروشتیەکان، ئەم ڕێسایە جیاکارییەکی تەواوەتی لە نێوان بوون و سروشتدا دەکات. ڕێسایەك کە دواتر کاریگەری گەورە لەسەر کۆمەڵناسی بەجێدەهێڵێت و لەسەر هەمان نەزم دۆرکایم دەنوسێت ئەوەی کۆمەڵایەتیە تەنها بە کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکرێت، بەدوای هۆکارێکی دەرەوەی کۆمەڵگە بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان مەگەرێ.

بە بڕوای هۆسرل، گومان کردن و وەلانانی دیکارت بۆ زانینی باو، گەڕان بەدوای سەرچاوەی دیکەی وەدەستهێنانی زانین و متمانەی ئەو بە خودی بیرکەرەوە، بۆخۆی دەیکاتە یەکێك لە پێشەنگەکانی بیرکردنەوەی فینۆمینۆلۆجیانە(هۆسرل، Gaston Bachelard1.blogspot. com،2016 ).

ئەو دابەشبوونە گەورەیەی هزری ڕۆژئاوایی، لە نێوان دوو دنیابینی جیاوازی ئایدیالیزم و ماتریالیزمدا، بە تایبەت لەسەردەمی دیکارتەوە، بەشێك لە بیرمەندانی بەخۆوە سەرقاڵ کردوە و هەریەك بە شێوازێك و بە میتۆدێکی جیاوازەوە لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو دوو ئاڕاستەیەدا بووە، یان هەوڵی ئامێزانکردنییان بووە لە نێو دونیابینییەکی نوێدا. هزری ئایدیالیزم کە بڕوای بە هەبونێکی ڕاستەقینەی دونیای دەرەکی نەبوو، بەڕادەیەك لەلای هەندێك لە بیرمەندە ئایدیالیستەکان گەیشتە دوایین سنورەکانی پەرگیری خۆی. ئەم دیدگایە ڕۆڵێکی نێوەندی بە عەقڵ و خودی بیرکەرەوە دەدا لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و شێوەبەخشین بە جیهانی دەرەکیدا.

لەبەرامبەر ئەم دیدگایەدا، فەلسەفەی واقیعی و ئەزمونگەرایی ئینگلیزی، لەو بڕوایەدان کە ئەزموون نەك عەقڵ، سەرچاوەی زانینە (الحفنی،١٨٣،٢٠٠٠ ) بەم مانایە بێت، ئەوەی لەسەرەتادا هەیە، جیهانی دەرەکییە، و واقیعی دەرەکی نەك دروستکراوی عەقڵ و خودی بیرکەرەوە نییە، بەڵکو عەقڵ و خۆی خودی بیرکەرەوە جگە لە داهێناوێکی مرۆیی و جگە لە کەم توانایەك لە دەرکپێکردنی حەقیقەتی جیهانی دەرەکی شتێکی دیکە نییە و عەقڵ بەو مانای لە ئایدیالیزمی پەرگیردا ئاماژەی پێکراوە، جگە لە وەهمێك شتێکی دیکە نییە.

ئەم تەرزە لە بیرکردنەوە و سەیرکردنی دونیا لای هیوم گەیشتە ئاستی نکۆڵی کردن لە یەکێك لە بنەما دیارەکانی ڕێسای عەقڵی کە ڕێسای هۆکارگەراییە. بە بڕوای هیوم ئەوەی کە ئێمە بڕوامان وابێت هۆکارێك (ئەلف-وەك نموونە) دەبێتە هۆی دروستبونی (ب) جگە لە کەم توانایی لە دەرکپێکردنی ڕاستەقینەی دەرەکی شتێکی دیکە نییە. لە بنەمادا ئەوەی هەیە بریتییە لە هاوسێی بوون و بەدوایەکدا هاتن و پەیوەستی( رایت،٢١٣،٢٠٠١).

عەقڵی پەتی و عەقڵی پراکتیکی لە دادگای کانت دا :

لە نێو ئەم کیشمەکێشە فکرییەدا، ئیمانوێل کانت شوێنێکی دیاری هەیە. ئەم بیرمەندە، ڕەخنەی هەردوو دیدگای ماتریالیزمی پەرگیر و ئایدیالیزمی پەرگیر دەکات. یەکەمیان بەهۆی سنورداریێتی و پەیوەست بوون بە تەنها بە پێدراوە هەستەکیەکانەوە، ئەوەی دیکەیان بەهۆی بەزاندنی

ئەو سنور و توانستانەی کە بانگەشەی دەرکرد، وەکو دەست بردن بۆ ئەو شتانەی کە ناتوانین تەنها لە ڕێگەی عەقڵەوە بوونیان بسەلمێنین( بدوی،٢٧٣).

لای کانت هەبوونی جیهانی دەرەکی شتیك نییە نکۆڵی لێ بکرێت، ئەم جیهانە نمایندەی خودی بیرکەرەوە و عەقڵ نییە، بەڵکو بونێکی سەربەخۆی هەیە( بوون لەخۆیدا ). یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکان لە فەلسفەی کانتدا، چۆن دڵنیابین لەوەی کە دەیزانین ؟ لەگەڵ ئەوەشدا، کانت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زانینی ئێمە دەربارەی جیهانی دەرەکی زانینێکی دیار و ئاشکرا نییە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی یەك هەمینی بەدەستهێنانی خەسڵەتی بابەتە دەرەکییەکان، هەستەکانن، هەستەکانیش توانستی دروستکردنی بیرۆکەیان نییە ( کەمال،٢٠١٧،٢٣ ).

عەقڵ بۆ ئەوەی توانستی تێگەیشتنی شتەکانی دەرەوەی هەبێت، پێویستە بیانخاتە سەر چەند فۆرمێك کە بتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆ ئەمەش چەندین کەرەستەی هزری دادەهێنێت، تاکو لە جیهانی دەرەکی تێبگات. لێرەوە، جۆرێك لە زانین لای ئێمە دروست دەبێت کە ناتوانین دڵنیابین لەوەی ئەو زانینە، نمایندەی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکی دەکات. کەواتە ئەوەی لە پەیوەندیدا بە جیهانی دەرەکییەوە بوونی هەیە، ئیمە وەك ئەوەی کە هەیە توانای دەرك پێکردنیمان نییە( جیهان لە خودی خۆیدا). هەمیشە ئەوەی دەیزانین جیهانێکە بەو شێوەیەی بۆ ئێمە دەردەکەوێت، نەك بەو شێوەی کە هەیە. لە دیدی کانتدا، عەقڵی ئێمە توانستی دەرکپێکردنی ئەو فینۆمینانەی نییە کە لە خودی خۆیاندا بوونیان هەیە. جیهان لە خودی خۆیدا، شتێکە لە دەرەوەی کات و شوێن، بەڵام عەقڵی ئێمە سەرجەمی ئەو شتانەی لە دەرەوە بوونیان هەیە، دەیانخاتە نێو کات و شوێنەوە بۆ ئەوەی توانستی تێگەیشتن و مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵیدا.

کەواتە ئێمە ناتوانین لە فینۆمینەی دەرەوە دڵنیابین، واتە ناتوانین دڵنیابین لەوەی کە ئێمە وەك دیاردەیەك سەیری دەکەین و لێی تێدەگەین، کەواتە عەقڵی ئێمە بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا دەکات کە لەدەرەوە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بۆ ئێمە دەگوازرێنەوە. ئەمەش بۆخۆی دەمانخاتە بەردەم ئەوەی نەتوانین دڵنیابین لە جیهانی دەرەوە، ئێمە دەتوانین وەك فینۆمینەیەك بیناسین و خەسڵەتەکانی وەدیار بخەین، بەڵام وەك ئەوەی بە جەوهەری دیاردەیەك ئاشنا ببین، ئەمەیان شتێکە لەدەرەوەی توانستی عەقل.

لە تێڕوانینی کانت دا، بەدەستهێنانی مەعریفە بەتەنها لەڕێگەی هەستەکانەوە نییە، ئەگەر قۆناغی یەکەم هەستکردن بێت، ئەوا لە قۆناغی دواتردا، تێگەیشتن و دروست کردنی بیرۆکەکان دێن(هەمان سەرچاوە،٢١). ئەم خاڵە، کانت لە ئەزمونگەراکان جیادەکاتەوە، وەك ئەوان ئەزمونی هەستەکی و دەرخستنی ئەوەی لە دەرەوە دێت بە گرنگ دەزانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی گەورە دەبەخشێت بە عەقڵی مرۆیی لەتوانستی وەرگێڕانی هەموو ئەو زانیاریانەی لە جیهانی دەرەکییەوە پێی دەگات، بۆ سەر کۆمەڵە شێوەیەکی مەعریفی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین کۆمەڵە ڕاستییەکی دیکەمان دەربارەی جیهانی دەرەکی بۆ وەدیار بخات.

هەوڵێکی دیکە چارەسەرکردنی ئەم پرسە

هوسرڵ و فینۆمینۆلۆجیا

ئەگەر هزری کانت، لە پەیوەندیدا بە تیۆری زانینەوە، سەرقاڵ بوبێت بە تێپەڕاندنی ئەو دوالیزمەی لە نێوان عەقڵی پەتی و عەقڵی پراکتیکی یان ئەزمونگەرایی دا هەبوو، ئەوا پرۆژەی هۆسرڵ لەسەر هەمان هێڵی ڕەخنەیی و لە پەیوەندیدا بە پرسی پەیوەندی نێوان زانستە سروشتیەکان و زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە گەڵاڵە دەبێت. ئەو دۆزینەوە و دەستکەوتانەی زانستە سروشتیەکان پێی گەیشتن، کاریگەری گەورەی لەسەر زانستە مرۆڤایەتیەکان هەبوو، بە جۆرێك ئەو زانستانە هەوڵی گرتنەبەری هەمان ئەو شێوازە لە دونیابینی و هەمان ئەو میتۆد و کەرەستە مەعریفییانەیان دەدا کە زانستەسرۆشتیەکان پەیڕەوییان لێ دەکردن.

کۆمەڵناسی لەسەر دەستی ئۆگست کۆنت تا ئەندازەیەکی زۆر بوە زانستێکی پۆزەتیڤیستی و ئەزمونگەر. ڕێسای زانستە سروشتیەکان بە تایبەت فیزیا، خاڵی سەرنج ڕاکێش بوو لای کۆنت تاوەکو زانستێك لەسەر هەمان مۆدێل بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بخاتە سەر پێ. دۆخێك کە دواتر هۆسرڵ ناوی دەنێت کودەتا لە هەڵسەنگاندنی زانستەکاندا

( هۆسرل،٢٠٠٨،٤٤). لە یەکێك لە کارە سەرەکیەکانی خۆیدا بە ناوی (باسە لۆجیکیەکان) بە توندی ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم دەگرێت، بەڵام ڕەخنەکەی ئەو بە تەنها لەو ئاستەدا نەمایەوە و لە هەمان نوسراودا، دیدگایەکی پێچەوانەی کانت پێشکەش دەکات، بەوەی کە بە بڕوای ئەو

عەقڵی ئیمە توانای دۆزینەوەی جەوهەری شتەکانی هەیە(طرابیشی،٢٠٠٦،٧١٣ ).
هۆسرڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشی نێوان هزری واقیعی-مادی و ئایدیالیزم، دیدگایەکی نێوەندگیر گەشەپێدەدات. بە نێوەندکردنی خودی بیرکەرەوە لای کانت و پرسی دەرکپێکردنی جیهان وەك ئەوەی بۆ ئێمە دەردەکەوێت، تا ئەندازەیەك خودی بیرکەرەوە لە بەرامبەر جیهاندا دادەنێت. پرسێك کە دواتر هۆسرل لە ڕێگەی خستەڕووی ڕوانگەیەکی نوێ دەربارەی هۆشیاری چارەسەرێکی دیکە بۆ ئەم کێشە فەلسەفییە دەخاتەڕوو.
بە بڕوای هوسرڵ، ڕاستە ئەو دابەشکارییەی دیکارت لە پەیوەندیدا بە هزر و بونەوە ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەم دوو ئاستە وەك دوو کایەی دابڕاو لەیەکتری سەیر ناکات. ئەمەش لە تێڕوانینی ئەودا دەربارەی ئاگایی زیاتر دەدەکەوێت. دەربڕینە بەناوبانگەکەی هۆسرڵ دێتە پێش کە دەڵێ (( ئاگایی بەردەوام ئاگاییە بە شتیك )) ( هوسرل،٢٠١١،٩٧ ). مەبەست لە ئاگایی بە شتێك بریتیە لەوەی کە ئاگامەندی ئێمە، عەقڵی ئێمە، بە شێوەیەکی هەمەکی و گشتگیر ڕوو لە واقیعی دەرەکی ناکات. بەردەوام ڕو لەوە دەکات کە دەبێتە سەرچاوەی ئاگایی بۆئەو. بەبێ بابەتی ئاگایی، ئاگامەندی بۆخۆی بونی نییە. ئاگایی بەشێوەیەکی مەبەستدارانە ڕوو لە شتەکانی دەرەوە دەکات. هەموو ئەوانەی لەدەرەوە و لەڕێگەی هەستەکانەوە ڕووەو ئاگایی ئێمە دێن، بەردەوام مەبەستدارانە دێنە نێو زەینی ئێمەوە.
بۆ نمونە گەر بپرسین کەسی شۆڕشگێر کێیە ؟ ئایا وێنە ئەو کەسەیە کە ڕاگەیاندنەکان لێمان دەکەن بە پاڵەوانی نەتەوەیی و کەسێتی ئەو دەکەنە کەسێکی کاریزمی ؟ یاخود کۆمەڵێك پێوەر و پێدراوی دیکە لە دەرەوەی ئەو وێنە دروستکراوە بونیان هەیە و دەتوانن بەشێوەیەکی وردترو نزیکتر لە ڕاستی ئەم وێنەیەمان بۆ بکێشن ؟ ئایا دەتوانین متمانە بەو وێنە دروستکراوەی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیای مەبەستدار وئاڕاستەکراو بکەین دەربارەی کەسی شۆڕشگێر یان لە بنەمادا ئەو وێنانە سەرجەمیان وێنەی دروستکراون و مەبەستی ئایدیۆلۆجی لە پشتەوە ئامادەگییان هەیە و لە بنەمادا ئەو وێنەیە پەیوەندیەکی بە ماهیەتی کەسی شۆڕشگێڕەو نییە ؟ یان دەربارەی کەسی لادەر، ئایا وێنەی ئەو کەسەی بە لادەر دادەنرێت و بە گوێرەی پێوەرە سیاسیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە بنەمادا بۆخۆی کەسێکی لادەرە ؟ یاخود دروستکردنی وێنەی لادەرە بۆخۆی مەبەستدارەو بە ئاگاییەوە ئاڕاستە دەکرێت ؟ ئایا پرسی دەسەڵات لە کوێی بەخشینی ئەم شوناسەدایە ؟ ئایا پۆلێن کردنی کەسی ئاسایی و کەسی لادەر لە کوێی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدایە ؟ ئایا لە ڕوانگەیەکی دیکەی جیاواز و لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات وێنەی کەسی ئاسایی و کەسی لادەر و شوناس و ماناکانی گۆڕانیان بەسەردا نایەت ؟
بێگومان هەموو ئەمانە لە پەیوەندیدا بە ئاگایی ئێمەوە کە بەردەوام مەبەستدارانە ڕوو لە شتەکانی دەرەوە دەکات گۆڕانیان بەسەردا دێت و پێناسە و ماناو ئاماژەکانی دەگۆڕێت. لە هەردوو نمونەکەی سەرەوەدا، ئاگایی ئێمە ڕوو لەشتەکان دەکات تاکو لە جەوهەری هەریەکە تێبگات، بۆ ئەمەش کۆی ئەو وێنە دروستکراو و کۆی ئەو زانیاری و زانینەی دەربارەی هەریەکەیان بەرهەمهاتوە، هەڵدەپەسێرێت و دەیەوێت ڕاستەوخۆ ڕووی تێبکات تاکو لە ماهیەتی هەریەکەیان تێبگات.
بۆ مەیسەر کردنی ئەم تێگەیشتنە، کۆمەڵە ڕێوشوێنێك پێویستن. خاڵی دەستپێك، ڕاگرتنی ئەو بیروبۆچوون و حوکمە پێشوەختانەیە کە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بونیان هەیە(ئیپۆخی). بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕونمان دەست بکەوێت دەربارەی ئەو دیاردەیەی دەمانەوێ لێی تێبگەین و بیناسین. هەموو ئەو بۆچونانەی لە نێو بیرکردنەوەی باو، نەریت و کەلەپوور، ئایدیۆلۆجیا و مەعریفەی پێشتردا دەربارەی ئەو دیاردەیە بوونی هەیە، بە شیوەیەکی کاتی ڕایدەگرین، بۆ ئەوەی ئێمە وەکو خودی بیرکەرەوە ڕاستەوخۆ بکەوینە بەرامبەر ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵینەوە. (خوری،٢٠٠٨،٧٦) . ئەمەش بەرزەخۆیە کە هۆسرەل باسی دەکات، خۆیەك کە توانیوەیەتی باڵا بکات لە بەرامبەر هەموو ئەو زانین و مەعریفەیەی دەربارەی ئەو پرسە بوونی هەیە کە لێی دەکۆڵێتەوە. ئەم باڵابوونە، باڵابونێکی کانتیانە نییە ڕوە و میتافیزیك، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەمانباتەبەردەم دیاردەکە وەك ئەوەی لە جیهانی ژیان کراودا ئامادەیە.
بە بڕوای هۆسرڵ (( هەموو چالاکی و ئەزمونیکی ئاگامەندی مەبەستدارە، واتە مەحاڵە ئاگامەندی لە ئەزمونەکەیدا بەبێ ئەو بابەتەی بیریلێدەکاتەوە یان ڕوویتێدەکات بدۆزرێتەوە. ئاگامەندی بەردەوام بەمەبەستەوە ڕوو لە جیهان دەکات. بیرکردنەوە هەمیشە بیرکردنەوەیە لە بابەتێکەوە و بەبێ بابەتی بیرکردنەوە نییە.مرۆڤ ناتوانێ بیر لە (هیچ) بکاتەوە یان بەبێ بابەتی بیرکردنەوە بیربکاتەوە )) (کەمال،٢٠١٣،٤٩).

بە گوێرەی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی، ئەوەی پێویستە تێگەیشتنە لە شتەکان لە خۆیاندا. چەمکی شت لێرەدا، ئەو پێدراوەیە کە دەیبینین، بەو جۆرەی بۆ ئاگاییمان دەردەکەوێت، وەك ئەوی کە هەیە نەك بوونی شتێکی دیکە لەپشتی ئەوەوە ( بوشنسکی،١٩٩٢، ١٨٤) .

کەواتە ئەوەی بۆ فینۆمینۆلۆجی گرنگە، چۆنیەتی دروستبوونی وێنەیەکی مەبەستدارە لە یادەوەری و زەینیەتی ئێمەدا، تاکو وێنەیەکی دیاریکراو لەم بارەوەیە بسەپێنێ. هەر بۆیە فینۆمینۆلۆجی بە دوای ڕیشەی ئەو چەمکە یان مانای ئەو دیاردەیەدا دەگەڕێت، بەر لەوەی ئەو پێناسانە قبوڵ بکەین کە ئاراستەیەکی دیاریکراو یان مەعریفەیەکی دیاری کراو دەیەوێ بیسەلمێنێ. توێژینەوەی دیاردە و چۆنیەتی فۆرمەلەبوونی لەنێو عەقڵداو دەرك کردنمان بۆ دیاردەکان، بۆ ئەوەی ئاراستەمان دەکرێت، ئەوەی لە نێو خەیاڵدانی ئێمەدا شێوە وەردەگرێت،هەموو ئەمانە بەشێکن لەوەی کە فینۆمینۆلۆجی لێیان دەکۆڵێتەوە بۆتێگەیشتن لەوەی کە لەدەرەوە بوونی هەیە.

ئەگەرچی ئەوەی بۆ هۆسرڵ گرنگە ئەوەیە کە وەك پێدراو خۆی دەردەخات و لەرێگەی هەستەکانەوە ئێمە دەرکی پێدەکەین، بەلام دواتر ئەو بە دیدگایەکی کانتیانەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەوەیدا دەکات کە لەدەرەوە دێتە نێو ئاگاییمانەوە. واتە لای هۆسرل ئەوەی ئێمە ئەزمونی دەکەین، بە مامەڵەیەکی دیاردەگەرانەدا دەبرێت و ئەوەی ئەزمون کراوە بە پرۆسەی حستنە نێو کەوانەدا دەیبەین و نایخەینە نێو توێژینەوە نوێکەمانەوە دەربارەی دۆخی ئەزمونکراو، بەڵکو کردەی بیرکردنەوەی ئاراستەکراو لەسەر پراکتیزە دەکەین (هوسرل،٢٠٠١ ،١٣٢ ) . بەم مانایە بێت، کاتێك ئێمە ئەزمونی دیاردەکان دەکەین ئەوا ئاگایی ئێمە وەریاندەگرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و وێناکردنیان لەسەر دروست دەکات. ئەو کاتە دەبنە کۆمەڵە کەرەستەیەك و زانینان لەسەر بونیاد دەنرێت.

دەربارەی ئاگایی لە هزری هۆسرڵدا، بەدەوی سێ مانای جیاواز لەیەکتری جیا دەکاتەوە

( هەمان سەرچاوە،٥٤٢ )

١-یەکگرتنی ئەزمونگەرایانەی ئەزمونە دەروونیيە زیندووەکان، لە پێناو یەکێتی تەوژمی ئاگامەندی.

٢-دەرککردنی ناوەکیانەی ئەزمونە زیندووە خودییەکان.

٣-ئاگامەندی ئاماژەیە بۆ گشت کردارە دەروونییەکان، یاخود ئەزمونە زیندوە مەبەستگەراکان.

٤-بە بڕوای بەدەوی، هۆسرل لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی واتای مەبەستی ئەو لە ئاگامەندی لەسەر خاڵی سێیەم وەستاوە.

## ئەلفرێد شوتز و فینۆمینۆلوجیای کۆمەڵایەتی

کاریگەری هزری ( ئیدموند هۆسرڵ) لەسەر شوتز لە هەریرمەندێکی دیکە زیاتر و دیارترە . ئەو دیدگا فەلسەفییە قوڵەی هۆسرڵ دەربارەی کێشەکانی میتۆد و پەیوەندی نێوان خود و بابەت خستیەروو، کۆمەڵە کەرەستەیەکی میتۆدۆلۆجی گرنگی بۆ کۆمەڵناسان فەراهەمکرد تاکو لە ڕێگەیەوە بە نێو کێشەکانی میتۆد و توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا بچنەوە.

بە بڕوای گیدنز، لە نێو سەرجەمی خوێندکارە دیارەکانی هۆسرڵدا، بەتەنها شوتز بوو کە لە سەرەتا تاکۆتایی پرۆژە فکرییەکەی لە هەوڵی پراکتیزەکردنی هزرە فینۆمینۆلۆجیەکاندا بوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵناسی، ئەو بڕوای وابوو کە فینۆمینۆلۆجیا دەتوانێ ئەو بنەمایانە پێکبهێنێت کە زانستێکی کۆمەڵایەتی تۆکمەی لەسەر دامەزرابێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کرداری کۆمەڵایەتی مرۆیی(گیدنز، ٢٠٠٠،١٢٠).

لەدیدیگای فینۆمینۆلۆجی شوتزدا، ئەوەی تاکەکەسیەو ئەوەی کۆمەڵگەییە، ئەوەی بابەت و ئەوەی خودی بیرکەرەوەیە لە نێو بوتەیەکدا ئامێزابوون و لەیەکتری جیاناکرێنەوە. هەموو بکەرەکان یان ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان وەکو هێزی بونیادنەری واقیعی کۆمەڵایەتی سەیردەکات نەك شتگەلێك جیاواز لەو واقیعەو سەربەخۆ لە بکەرەکان. ئەمەش خاڵی سەرەکی وجەوهەرییە لە خۆ جیاکردنەوەی دیدی فینۆمینۆلۆجیە لەگەڵ هزری پۆزەتفیزم. تەواو جیاواز لە ڕێساکەی دۆرکایم لە پەیوەندیدا بە واقیعی کۆمەڵایەتی و سەیرکردنیان وەکو شت. بەمەش دۆرکایم بە تەواوی جیاکاری لە نێوان خودی بیرکەرەوە و بابەتی توێژینەوەکەیدا دەکات و وەکو دوو ئاستی تەواو جیاواز لەیەکتری لێیان دەڕوانێت.

بە بڕوای شوتز، دوو ئاراستەی سەرەکی هزری لە توێژینەوەی زانستەکۆمەڵایەتیەکاندا بوونی هەیە کە هەریەکەو لەسەر ئاستێکی جیاواز لەویدیکە کار دەکات(الحسيني،١٩٨٥،٢٨٣) :

یەکەم: لەو باوەڕەدان کە میتۆدی توێژینەوەی زانستی لە هەر زانستێکدا بێت، سروشتی یان کۆمەڵایەتی هەر یەك میتۆدە و یەك شێواز لە کارکردنی زانستی و گەیشتن بە دەرەنجامی و دۆزینەوەی حەقیقەت بوونی هەیە، ئەمان گومان لە هەر جۆرە دونیابینییەکی دیکە دەکەن کە توانستی ئەوەی هەبێت زانستیانە کار بکات و لە دەرەوەی ئەو شێوازە کارکردن و دونیابینیە بێت کە زانستە سروشتیەکان پەیڕەوی لێدەکەن.

دووەم: ئاراستەی دووەم لەو باوەڕدان کە جیهانی کۆمەڵایەتی سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و ناکرێت بە هەمان ئەو شێوازە لە میتۆدۆلۆجی و دونیابینی نێو زانستە سروشیەکان بگوازینەوە بۆ نێو زانستە مرۆڤایەتیەکان لەو بروایەدابین کە کۆمەڵێك ڕاستی زانستیمان بەدیارخستوە. میتۆدی زانستە سروشتیەکان بۆ خویندنەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی کە جیهانێکی ئاڵۆزە و بزوێنەری ئەم جیهانە دونیای ناوەکی مرۆڤەکان و ئەو مانایانەیە کە بە کردەوە و جیهانی خۆیانی دەبەخشن. ئەمانەش شتگەلێك نین کە بە دونیابینی زانستە سروشتیەکان بدۆزرێنەوە.

بە بڕوای شوتز هەردوو ئاڕاستەی سەرەوە کورت هێنانی دیار و بەرچاویان هەیە(هەمان سەرچاوە،٢٥٣) . ئاڕاستەی یەکەم ناتوانێ ئەو ڕاستیە ببینێت کە جیهانی مرۆڤەکان جیهانی نێو واقیعی ژیانی ڕۆژانەی ئەوانە، جیهانی نێوخودێتی و ژیانکردن بەو شێوەیەی ڕۆژانە لە لایەن تاکەکانەوە پەیڕوی دەکرێت. ئەمانەش شتگەلێك نین بەتەنها لەدەرەوە بتوانین لێیان تێبگەین. هەرچی ئاڕاستەی دووەمە بەتەواوی ئەو شێوازە لە دونیابینی زانستە سروشتیەکان و توێژینەوەی ئیمپریکی دەکاتە دەرەوەی چوارچێوەی گرنگی پێدانەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لە کاتێکدا ئەوە نابینێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی بەدەرنییە لە دۆخی ستاتیکی و جێگیری کە دەتوانین بە شێوەیەکی ئیمپریکییانە بیدۆزینەوە.

بۆ شوتز ئەوەی گرنگە جیهانی ژیانی ڕۆژانەیە. جیهانی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بەو شێوەیەی تیایدا دەژین، جیهانێك وەکو پیدراوێکی پرسیار لێنەکراو. شوتز لێکدانەوەکانی لەم جیهانەوە دەست پێدەکات. جیهانێك لە ئاگاکی کردەی کۆمەڵایەتیەوە گەشەدەکات، کردەی ئەنجامدراو یان ئەنجام لەسەر دراو، لە هەردوو دۆخەکەدا ئەوەی فراوان دەبێت گەشە دەستێنێ، جیهانی ژیانی نێوخۆیەتی یان نێوانی ئەکتەرەکانە( schutz,1962,208 ).

لێرەدا دەبینین، شوتز بۆ شیکاری ئەم جیهانە پەنا بۆ یەکێکی دیکە لە چەمکە سەرەکیەکانی دیکەی هۆسرڵ دەبات کە ئەویش چەمکی نێو خۆیەتییە و لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە. جیهانی ژیانی ڕۆژانە واتە: (( جیهانی نێوخۆیەتی، جیهانێك بەر لە دایکبوونی ئێمە بوونی هەبوە، لە لایەن ئەوانی دیکە یان پێشینەکانەوە وەك جیهانێك ڕێکخراو تاقیکراوەتەوە و ڕاڤەکراوە )) (شوتز،هەمان سەرچاوە، ٢٠٨ ). چەمکی نێوخۆیەتی لای شوتز جیاواز لە هۆسرڵ لە نێوکۆیی سۆسیۆلۆجیدا بەکارهاتوە نەك فەلسەفی. ئەم جیهانە نێوخۆییە ئاڵوگۆڕە شوتز بە جیهانی ژیان ناوی دەبات. چەمکێك کە لە مامۆستاکەیەوە وەریگرتوە. پەیام و کاری سەرەکی زانست بەتایبەت زانستەمرۆڤایەتیەکان ئەوەیە کە وابکات ئاسۆی تێگەیشتنی ئەم جیهانە فراوانتر بکات. بە بڕوای شوتز ئەم جیهانە لەیادکراوە و گرنگی فینۆمینۆلۆجی لەوەدایە کە دووبارە دەمانهێنێتەوە بۆ نێو ئەو جیهانە( غراسی،٢٠١٨،٧٩ ).

شوتز چەند تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ئەم جیهانە دیاریدەکات کە بریتین لە ( شوتز، هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٨-٢٠٩) :

١-بکەرەکان گومان لە بوونی ئەم جیهانە ناکەن.

٢-جیهانێکە زۆر لە پێش هاتنی بکەرەکۆمەڵایەتیەکانەوە بونی هەبوە.

٣-ئەم جیهانە تاقیکراوەیە زانینێکی ئەزمونکراوی بۆ بکەرەکان دەستەبەر کردووە.

٤-هەریەك لە بکەرەکان، ئاگاییان دەربارەی جیهانەکە هەیە، کە ئەو ناوی دەنێت( بە ئاگاهاتنی فراوان).

٥-ئەم جیهانە جیهانی چالاکییە ئاڕاستەکراوەکانە ڕووەو بابەتە جیاجیاکان.

٦-لەم جیهانەدا، بکەرەکان شێوەیەکی دیاریکراوی زانینیان دەربارەی خۆیان هەیە.

٧-جیهانێکە لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی ئاڵوگۆڕی بکەرەکان بونیادنراوە.

لە پەیوەندیدا بەم خاڵەی دواییەوە، گیدنز لەو باوەڕدایە کە چەمکی پەیوەندیگەرایی، شوێنێکی نێوەندی لە نێو نوسینەکانی شوتزدا هەیە. بۆ هەر کردەیەك کە لە دۆخی پێکهاتندایە، دەتوانین جیکاری بکەین لە نێوان بابەت و ئاسۆدا. ئەوەی یەکەمیان ئاماژە بۆ ئەو ڕەگەزانە دەکات کە گرنگییەکی خودیان بۆ هەڵوێست یان کردەکە هەیە و لە هەمان کاتیشدا لای بکەر بایەخدارە. ئەوەی دووەمیان ئەو ڕەگەزانەن کە لابەلا

دێنە نێو هەڵویستەکەوە، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکیان بەوەوە هەبێت کە بکەر دەیەوێت بە دەستی بهێنێت(جیدنز، هەمان سەرچاوەی پێشتر، ١٢٢).

شوتز لە شیکردنەوەکانیدا، لە ئاراستەی سروشتییەوە دەست پێدەکات کە هەمان جیهانی ژیانە، بەمەش تێروانینی مامۆستاکەی ژێرەوژوور دەکات(جیدنز،هەمان سەرچاوە،١٢٠). ئەویش بەو پێیەی شوتز لە راڤەکردنی بۆ ئەم جیهانەدا بە تەواوی پەیوەست نابێت بە هەڵویستەکردنی ئیپۆخیەوە. بە مانایەکی دیکە، پەیرەوی کردنی شوتز بۆ میتۆدی فینۆمینۆلۆجی مانای پەیوەست بوونی تەواوی ئەو نییە بەو هەنگاوانەو ئەو ریزبەندییەی مامۆستاکەی بۆ میتۆدەکەی داناوە کە سەرەتا بە لە نێو کەوانەدانانی جیهان دەست پێدەکات. بە پێچەوانەوە، شوتز لە دەستپێکی هەنگاوەکانی توێژینەوەی دیاردە لە کۆمەڵناسیدا، پەیرەوی لە بوونی کۆمەڵە گریمانەیەکی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەیەوە دەکات(قنصوە،٢٠٠٧،٢٥٠ ).

هۆکاری ئەم خۆ جیاکردنەوەیە میتۆدۆلۆجییەی شوتز، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهێنانی دیدگای تیۆری توێژەری کۆمەڵناسی، کە دیدگایەکە لەبەر رۆشنایی کۆی ئەو تیۆرانە بونیادنراوە کە تاکەکان دەربارەی ژیانی خۆیان پێکیان هێناوە(زاید،١٩٨٣،٣٩٠). لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی بۆ کۆمەڵناسەکان گرنگە، جیهانی ژیانە، جیهانی نێوخۆیەتی و پەیوەندی روبەڕوی نێوان مرۆڤەکانە. تێگەیشتن لەمە شتێك نییە بەو رێوشوێنە لێی تیبگەین کە هوسرل دەربارەی لە نێو کەوانە دانان پێشنیاری دەکات، بەڵکو بە دەست پێکردن لەو دونیابینییەوە کە بکەرە کۆمەڵایەتیەکان دەربارەی ژیانی خۆیان بەرهەمهێناوە. ئەم دونیابینییە، تا ئەندازەیەکی گەورە رێکخراوە، پۆلێن بەند کراوە، بیرورای ئامادەکراوە دەربارەی زۆرینەی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ژیانی مرۆڤەکان و شێوازی کارکردنی زانست لەسەر ئەم ژیانە نزیکایەتی گەورەیان هەیە. هەرئەمەشە وا دەکات کە شوتز رازی نەبێت بە بنەمای لە کەوانە دانانی ئەو زانیاری و زانینەی لە پێشتردا و لە نێو نێوکۆییە کۆمەڵایەتیەکاندا دەربارەی ئەو دیاردانە بەرهەمهاتون کە توێژەری کۆمەڵناسی دەیەوێ توێژینەوەی زانستی لە بارەیانەوە ئەنجامبدات.

لە بارەی پەیوەندی هەستپێکردن و بیرکردنەوەی پەتی و خەیاڵدان، زایتلن دەنوسێ:

(( بەشێوەیەکی گشتی، کۆی فەیلەسوفان لەو باوەڕەدان کە پرۆسەی دەرکپێکردن، تەنانەت لە شێوە سادەکەیدا، بە تەواوی هەستەکی نییە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە چەمك و خەیاڵ لەخۆ دەگرێت. بینین و بیستن و بەرکەوتن و هتد، هەردەم بە نێوەندێتی و لەگەڵ بیرکردنەوە و چالاکی ئاگاییدا دەڕوات ))(زایتلن،٢٩٢،١٩٨٩). زایتلن لەو باوەڕەدایە کە هەمان شت بەسەر هەستی گشیتدا پراکتیزە دەبێت. ئەوەی لە ژیانی ئاسایی و هەستپێکراوی مرۆڤەکاندا دەیبینین لە سادەترین ئاستیدا دابراو نییە لە ئاڵۆزی و پەتیبوون. هەر ئەمەشە مەبەستی شوتز کاتێك رایگەیاند کە ئەو پێکهاتە تیۆری و شیکاریانەی کۆمەڵناسی دروستیان دەکات لە بنەمادا پێکهاتەی دوەمین، لەسەر ئەو پێکهاتانە دروست کراون کە بکەرە کۆمەڵایەتیەکان ژینگە کۆمەڵایەتیەکاندا دروستیان کردوون(rex,١٢٨,٢٠١٥).

بێگومان ئەم تێڕوانینە بە مانای ئەوە نایەت کە شوتز هەردوو جیهانی کۆمەڵایەتی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان و دیدگای کۆمەڵناسەکان و تێڕوانینی زانستیان لە نێو یەك نێوکۆییدا پۆلێن بەند بکات و وەك یەك سەیریان بکات. بەڵکو ئەم کۆمەڵناسە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو جیهانە بە تەواوی دەرك پێدەکات. ئەوەی شوێنی لەسەر وەستانە لێرەدا، تێگەیشتنە لەو دیدگایەی کە دەیەوێت هەردوو ئاستی خود و بابەت پێکەوە ئامێزان بکات تا ئەو رادەیەی هەر تێگەشتنێکی سۆسیۆلۆجی بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و دیاردەکان لەسەروو ئەو جیاکارییەوە دەست پێبکات کە ئەو دوو ئاستە سەرەکییە لەیەکتری جیادەکاتەوە.

هەوڵی تێپەڕاندنی دوانەی دژبەیەکی خود-بابەت لای شوتز هەوڵی ئیشکردنێکە لە زۆر ئاستدا، لە شیکاری ئەودا بۆ جیهانی ژیان، جەختی زیاتری لەسەری پەیوەندی نێوخۆیی نێوان بکەرە کۆمەڵایەتیەکانە(شوتز، هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٣). واتە جیاواز لە هۆسرڵی مامۆستای کە لەپەیوەندیدا بە جیهانی ژیانەوە جەختی لەسەر ئاگایی بوو. بێگومان ئەمە بە مانای ئەوەیە نایەت کە ئاگایی خاڵێکی گرنگ نەبێت لە شیکاری سۆسیۆلۆجی شوتزدا.

پەیوەندیی نێوخۆیی و کارلێکی روبەڕووی نێوان بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، دوپاڵنەری سەرەکی دەیانجوڵێنێت کە بریتین لە پاڵنەرەکانی( لەبەر ئەوەی، تاوەکو)(شوتز،١٩٧٦،٣٢). ئەو دوو پاڵنەرە بزوێنەری کرداری کۆمەڵایەتی بکەرەکانن. ئایا مەبەستی شوتز لە کرداری کۆمەڵایەتی

چییە ؟ ئایا هەمان ئەو مانایەی پێدەبەخشێت کە لای ماکس ڤیبەر ئامادەیە ؟

لەڕاستیدا دیدگای شوتز بۆ چەمکی کرداری کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی ڕەخنەکردنی دیدی ماکس ڤیبەر بۆ کرداری کۆمەڵایەتی فۆرمەلە دەبێت. بە بڕوای شوتز تێڕوانینی ڤیبەر بۆ کرداری کۆمەڵایەتی تێڕوانینێکی روکەشانەیە و نەیتوانی پەی بەو ڕەهەندە قوڵانە بەرێت کە ئەم چەمکە لەخۆی دەگرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڤیبەر نەیتوانیوە بە وردی دەربارەی ئەو مانا خودییانە شیکردنەوە بدات کە بکەرەکان بە کردارە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانی دەبەخشن ( الحسینی،١٩٨٥،٢٥٥ ).

سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی سەرەوە، دیدی فینۆمینۆلۆجی بۆ کرداری کۆمەڵایەتی جیاوازی دیکەی لەگەڵ بۆچونی ڤیبەردا هەیە، لای ڤیبەر گرنگی بە لێکدانەوەی هۆکارگەرایی و ڕەهەندی مێژویی دەدرێت لە شیکارکردنی کرداری کۆمەڵایەتیدا، ئەم دوو ئاستەش لای فینۆمینۆلۆجیستەکان گرنگی پێنادرێت (هەمان سەرچاوە، ٢٤٧ ). لەگەڵ ئەوەی شوتز بە بایەخەوە لە دیدگای ڤیبەر دەڕوانێت دەربارەی ئاگایی(شوتز، ١٨، ١٩٦٧ )، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وایە لە تێڕوانینیدا بۆ ئاگایی ڤیبەر نەیتوانیوە وەك پێویست شیکاری لە بارەوە بدات(هەمان سەرچاوە، ٣٠).

لێرەوە، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە: شیکاری کرداری کۆمەڵایەتی لای شوتز لەسەرێکەوە دەڕواتەوە بۆ تێڕوانینی ڤیبریانە بۆ مانا و لە لایەکی دیکەوە بۆ دیدگای هۆسرڵی مامۆستای دەربارەی ئاگایی و هەروەها زیاد کردنی خۆی بۆ پاڵنەر، بەتایبەت هەردوو ئاستەکەی سەرەوە دەربارەی پاڵنەر وبەستنەوەی بە کرداری کۆمەڵایەتی لای بکەرەکان.

لە پەیوەندیدا بە تێڕوانینی شوتز بۆ پەیوەندی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کرداری کۆمەڵایەتی، تێبینی ئەوە دەکەین کە شوتز لە چوارچێوەی تیۆرەکەی دەربارەی جیهانی ژیان و پەیوەندی نێوخۆیەتی لێی دەڕوانێت. ئەگەرچی شوتز گرنگی گەورە بەو زانینە دەدات کە پێشتر لە لایەن پێشینەکانەوە ئەزمون کراوە و تاقیکراوەتەوە، و کاریگەری ئەوجیهانە لەسەر بکەرە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان بە هەند وەردەگرێت و کرداری کۆمەڵایەتی ئەوان بەتەنها وەك بەرەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتی نابینیت. لێرەدا، جیاوازییەکی دیکەی شوتز لەگەڵ کۆمەڵناسی پۆزەتیڤیزم و قوتابخانەی بونیادیدا، بە دیدەکەین.

بە بڕوای شوتز، جیهانی ژیانی ڕۆژانە جیهانێك نییە بەردەوام لە دەرەوە ئێمە ئاڕاستە بکات و ئێمە بکات بەوەی کە دەیەوێت، بەڵکو ئێمە دەتوانین هەژمونمان لەسەر ئەو دونیایە هەبێت و بیگۆڕین بەو جۆرەی کە دەمانەوێت. جیهانێکی ئیش کردن نیە لەسەر ئێمە بەتەنها، بەڵکو جیهانێکە ئێمەش دەتوانین ئیشی لەسەر بکەین(schutz، ٢٠٩,١٩٦٢ ).

لێرەدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە لە دونیابینی شوتزدا، پەیوەندی نێوان بکەر و بونیادی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی هۆکارێتی و یەك ئاڕستە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە. واتە پەیوەندی کارتێکردن و کار لەسەر کردنە. بەم مانایەش بێت، پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە بەو ئەندازەی کارکردنە لەسەر فۆرمەلەکردنی دنیای ناوەکی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان، بە هەمان ئەندازە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتییە لە لایەن بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

## دەرەنجام

فینۆمینۆلۆجیا، ئاستێکی فراوانی دونیابینییە لە کۆمەڵناسیدا. بە جۆرێك کە چی وەك تیۆر شوێنی خۆی کردۆتەوە، وەك لای شوتز. هەروەکچۆن دیدگای هۆسرل-شوتز، بوارێکی فراوانی بۆ میتۆدۆلۆجی لە نێو کۆمەڵناسیدا کردۆتەوە کە توێژەر وەکو کەرەستەیەکی میتۆدی گرنگ و کارا سودی لێوەر بگرێت.

فینۆمینۆلۆجیستەکان بە تایبەت شوتز، ئەو دیدگا ڤیبەرییە بۆ کردەی کۆمەڵایەتی قبوڵناکەن کە باس لە تێگەیشتنی هۆکارگەرایی کردار دەکات، چونکە بە بڕوای ئەوان، پرۆسەی تێگەیشتن بە تەواوەتی ناوەکییە و هیچ پەیوەندییەکی بە شیکارکردنی هۆکارگەراییی نییە، کە شیکارکردنێکی دەرەکییانەیە.

کاتێك فینۆمینۆلۆجیا دێتە نێوکایەی کۆمەڵناسی ئەوا بنەمای لەکەوانە دانای هەموو زانینێکی پێشوەختە فەرامۆش دەکرێت، چونکە کۆمەڵناسەکان لە تێگەیشتنی دیاردەکاندا، بەردەوام پشت بەو پاشخانە سۆسیۆلۆجییە دەبەستن کە لە نێو کۆییە جیاجیاکانەوە دەربارەی

دیاردەکان بەرهەمهێنراون.

بە هەمان شێوە چەمکی نێوخۆیەتی، لای هۆسرل مانایەك و لای شوتز مانایەکی دیکەی هەیە. ئەم چەمکە لای هۆسرڵ ئاماژە بۆ ڕێکەوتنێکی ئاگامەندانەی بکەرەکۆمەلایەتیەکان دەکات لەسەر ئەو چەمك و دونیابینیانەی کە پێکەوە بەرهەمیان هێناوە، بەلام نێو خۆیەتی لای ئەلفرێد شوتز بەستراوەتەوە بەو توانستی پۆلێنکاری و جیاکارییەی لە نێو واقیعە کۆمەلایەتیەکەدا و خودی کۆمەڵگە بەرهەمیدەهێنێت و لە ڕێگەی پرۆسەی بە کۆمەلایەتی بونەوە هەریەك لە بکەرە کۆمەلایەتیەکان فێری دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، شوتز ڕۆڵی بکەرەکان بە کەم ناگرێت و بەردەوام جەختی لەسەر ڕۆڵی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانە لە نێوکۆیە کۆمەڵایەتیەکاندا.

دەربارەی چەمکی جەوهەر، بە هەمان شێوە لای هۆسرل و بەشێك لە فینۆمینۆلۆجیستەکانی دیکە شوێنێکی سەرەکی داگیرکردووە لە تێڕوانینی ئەواندا سەبارەت بە تێگەیشتن لە جەوهەری دیاردەکان، بەلام کۆمەڵناسە فینۆمینۆلۆجیستەکان کەمتر پێداگری لەسەر جەوهەری دیاردەکان دەکەن و ئەوان زیاتر ئەم پرسە بە پرسێکی فەلسەفی دەزانن نەك سۆسیۆلۆجی، دیارە ئەمەش بە مانای خۆجیاکردنەوە نییە لە دیدگای فەلسەفی، بەئەندازەی ئەوی پراستنی تایبەتمەندێتی کۆمەڵناسیەهـ وەکو کایەیەکی مەعریفی سەربەخر لە فەلسەفە.

کۆمەڵناسی فینۆمینۆلۆجی باوەڕی بەو جیاکارییە کۆنکریتییە نییە لە نێوان خود-بابەت دا. لەم ڕوانگەیە دونیای دەرەکی توێژەر و دونیای ناوەکی پیکەوە دەخاتە خزمەت پرسی ئەنجامدانی توێژینەوە لە دیاردەکان. ئەمەش حاڵی سەرەکی جیاوازی ئەوە لەگەل خودگەراکان لە لایەك و بابەتگەراکان لە لایەکی دیکە، چونکە هەریەك لەو دوو ئاراستەیە گرنگی بە لایەنێك داوە و ئەوی دیکەی فەرامۆش کردوە.

کۆمەڵناسی فینۆمینۆلۆجی جەختی لەسەر شێوازی توێژینەوە و دونیابینییەکی چۆنیەتییە نەك چەندەکی، لەم دیدگایەدا، دونیای مرۆڤ دونیایەك نییە تێگەیشتنی بە ژمارە و پێوانەکردن مەیسەر بێت، بەڵکو ئەم پرسە بە تەواوەتی پەیوەندی بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ماناوە هەیە.

## سەرچاوەكان :

**سەرچاوەی كوردی :**

١-محمد كەمال، فينۆمينۆلۆجی،لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری كۆچ،بێ شوێن و ساڵی چاپ.

سەرچاوەی عەرەبی :

١-احمد زايد، علم الاجتماع النظريات الكلاسيكيه و النقديه، دار الكتب العلمية بيروت، د.ت

٢-ادموند هوسرل،ازمه العلوم الاوروبيه و الفينومينولوجيا الاوروبيه، ترجمه:اسماعيل المصدق،الطبعه الاولى،المنقمه العربيه للترجمه،بيروت، ٢٠٠٨

٣-ادموند هوسرل،افكار ممهده،لعلم ظاهريات الخالص و للفلسفه الظاهراتيه،ترجمه:ابو يعرب المرزوقى، جداول للنشر و التوزيع،بيروت،٢٠٠١.

٤-انطوان خورى،مدخل الى الفلسفه الظاهراتيه،دار التنوير،بيروت،٢٠٠٨

٥-ارفنج زايتلن،النظرية المعاصرة في علم الاجتماع،ترجمة:محمود عودة و ابراهيم عثمان،منشورات ذات السلاسل،كويت،١٩٨٩.

٦-انتونى جيدنز،قواعد جديده للمنهج فى علم الاجتماع،ترجمه:محمد محى الدين،المشروع القومى للترجمه، القاهره،٢٠٠٠

٧-السيد الحسينى، نحو نظرية اجتماعية نقدية، دار النهضة العربية،بيروت،١٩٨٥.

٨-بوشنسكى، الفلسفه المعاصره فى اوروبا،ترجمه:عزت قرنى،سلسله عالم المعرفه،١٦٥،كويت،١٩٩٢.

٩-جورج طرابيشى ،معجم الفلاسفه، ،الطبعه الثالثه،دار الطليعه، بيروت،٢٠٠٦-

١٠-وليم كلى رايت، تأريخ الفلسفة الحديثة،ترجمة:محمود سيد احمد، الطبعة الاولى التنوير للطباعة و النشر،بيروت،٢٠١٠.--

١١-رينيه ديكارت،حديث الطريق،ترجمه:عمر الشارنى،الگبعه الاولى،المنقمه العربيه للترجمه، بيروت،٢٠٠٨

١٢-صلاح قنصوه، الموضوعية في العلوم الانسانية عرض نقدي لمناهج البحث،دار التنوير،بيروت،٢٠٠٧.

**ئینگلیزییەكان :**

1- Alfred shcutz, collected papers 1,the problem of social realily, martinus nijhoff publisher,1962.

2-Alfred schutz,collected paper 2, studies in social theory, fourth printing, martinus nijhoff, netherland, 1976.

3-Alfred schutz, the phenomenology of the social world, northwestern university press, United States of America, 1967

4-John rex,approaches to sociology,second edition,routledge,London,2015

**سەرچاوەی ئەنتەرنێت:**

Gaston Bachelard1.blogspot.com